**زنجیره وتار: زمان و زمانی کوردی (٧)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زماناسی لە شوڕەوی(١) :**

لە درێژایی سەدەی ١٩ دا زمانناسانی رووسی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی گشتیی ئورووپادا لە پێوەند دابوون بەڵام شۆڕشی بلشویکی رووسیە بووە هۆی جیا بوونەوەی ئەو ولاتە دەگەڵ لێکۆڵینەوە زمانیەکانی باقی جێگاکانی دیکەی دنیا. لە ساڵەکانی بیست و سی و چل زمانناسیی رووسیە کەوتە ژێر ئەندیشەی کەڵلە ویشکانەی سەیر و سەمەرەی ن،ی،مار . مار بۆخۆی کەسێکی نیوە گورجی بوو و لە هەرەتی لاویەوە توانایيەکی بەرچاوی بۆ فێر بوونی زمان لە خۆی نیشان دابوو و لە سەرەتای کاری لێکۆڵینەوە لە زمان سەرنجی خۆی دا سەر زمانی گورجی و باقی زمانەکانی دیکەی قەفقازی و روانینی خۆی بۆ مێژووی زمانە قەفقازییەکان ساغ کردەوە و نەزەرییەی قوبوولکراوی هیندو ئورووپایی وەلانا و هاتە سەربۆچوونەکانی سەدەی هەژدەهەم کە (gestural origin) یا باوەڕ مەندبوون بە (خاستگاه ایمائی ) زمان بوو و تایبەتمەندی رەدەناسیی هەر زمانێکی بە نشانەیەک لە پێشڕەفتی ئەو زمانە دانا و زمانی ؤیافیتی) نێوێک بوو کە مار بۆ زمانە قەفقازیەکانی بەکار هێنا و پێی وابوو ئەو زمانانە لە قۆناغێک دان کە بەشێکی دیکە لە زمانەکان چەندین سەدەیە ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە. مار پێی وابوو زمانەکان واقعییەتێکی نەتەوەیی نین بەڵکوو دیاردەی چینایە تین و ئاڵووگۆڕەکانیان پێوەندی بەو ئاڵووگۆڕانەوە هەیە کە لە ساختاری ئابووری دا دێتە ئاراوە و بەو شێوەیە دەیەویست نیشان بدا کە لە نێوان ماریسم و مارکسیسم داهاونەزەری هەیە و پێی وابوو بەوشێوە بیرکردنەوەیە نە تەنیا مێژووی زمانەکان تەوزیح دەدا بەڵکوو دەورانی پێش مێژووی ئەوانیش روون دەکاتەوە. سەیر ئەوەیە ئەو خەیاڵاتە بێ سەروپایانە پشتیوانی دەوڵەتیشیی هەبوو تەنانەت چەند دانیشمەندی رووسی وایان بە سەڵاح زانی مەسلەحەتی رۆژگار لە بەر چاو بگرن و لەو نەزەرە سەیرانە پشتیوانی بکەن و پێیهەڵبڵێن بەڵام ساڵی ١٩٥٠ لە پڕ ئەستالین فەرمانیدا بناغەکانی نەزەرەکانی مار وردوخاش بکرێ و لە فەرمانەکەی دا ئاماژەی بەوە کردبوو کە زمان پێوەندیبە ساختاری ئابووریيەوەنییە یا بنەمای لە سەر ساختاری ئابووری نییە چونکە زمانی رووسیش لە خزمەت کردن بە کاپیتالیسمی رووسی پێش شۆڕش دابووە و ئێستاش هەر هەمان زمانە و لە خزمەت سوسیالیسم دایە و ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو کە تا ئەوکات بە زمان دا نەهاتبوو . دەخالەتی ستالین لە لایەکەوە کۆتایی بە باڵادەستیی ماریسم هێنا و لە لایەکی دیکەوە سەرنجی خەڵکی دنیای بۆ لای خۆی راکێشا.

وەرگیراو لە کتێبی (تاریخ مختصر زبان شناسی )نووسینی آر،اچ ، روبین تەرجومەی (علی محمد حق شناس) لە فارسییەوە کراوەتە کوردی .


پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
«کوردۆیێف»
هەندێک بیر و باوەڕی هەڵە
بارەی زمان و مێژووی کوردەوە
وەرگێڕان و پێشەکی
د. ئەورەحمانی حاجی مارف
پیاچوونەوەی
د. کەمال مەزهەر
چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا ١٩٧٣ - ١٩٧٤

**زنجیرە وتار: زمان و زمانی کوردی (٨)**

**ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار**

**زمانناسی لە شوڕەوی(٢) :**

دێینە سەر تەماشاکردنی نووسینەکانی ب،ڤ،میللیر دەربارەی کوردناسی . ناوبراو زانایەکی گەورەیە، دەربارەی زمانە زیندووەکانی ئێران خاوەنی گەلێک نووسراوە : نووسراوەکانی تالیش ، دیالکتی زمانی شاری شوستیر ، تات و شوێنیان و دیالێکتەکانی زمانیان و.... لەم نووسراوانەدا لە ڕێزمانی ئەو زمانانەی باش کۆڵیوەتەوە . ئەوەی لەو نووسراوانەدا گرینگ بێت ئەوەیە کە نووسینەکانی زۆر دوورن لە تیئوریەکەی ن،ی،مارەوە ( لەوەی کە ن،ی،مار) ئەسڵی ئەو نەتەوە ئێرانیانەی بە لافیتی داناوە بەڵام میللیر ئەو نووسراوانەی لە پێش ساڵی ١٩٣٠ دا بڵاو کردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠ یەوە دەبێت بە پشتگیری تێئوری لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان ئەویش هەروەک ڤیلچێڤسکی ئەو ڕێگا چەوتە دەگرێ و نووسینەکانی لە سەر بناغەی تێئوریەکەی مار دادەڕێژێت. ئەونووسراوانەی لە سەر تێئوریە چەوتە دوور لە زانستیەکەی مار نووسیویەتی ئەمانەن: لێکۆڵینەوە لە دەڤست (دوسەد) ی فارسی ، ئامرازی کۆ یا (ئان) لە زمانە ئێرانیەکاندا ، پاشگری ( i) لە زمانی تالیشی دا، کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانیەکان ، هەندێ چەڵەمەی فونێتیکی زمانی کوردی و وتارێک دەربارەی زمانی کوردی کە لە ئینسکلوپێدیای سۆڤیەتیدا چاپ کراوە.

ئایا دەتوانرێ بوترێ ئەم بیروباوەڕەی میللیر لەو نووسراوانەدا تەنها نیشانی ئەوە دەدەن کە بیرو باوەڕێکی وەختیی تایبەت بەو سەردەمەی مۆدەی تێئوریکی مار بوو؟ بۆ سەلماندنی ئەمە هیچ بەڵگەیەک نییە لەو نووسراوانەدا وەنەبێ تەنیا دەربارەی زمانە ئێرانییەکان چاومان بە چەند هەڵەیەکی بچووک بکەوێ بەڵکوو چاومان بەوە دەکەوێ کە بە تەواویی بیر و باوەڕی میللیر لە ماوەی ٢٠ ساڵدا (١٩٣٠ تا ١٩٥٠) لە سەر بناغەی تێئوری یافیثی بوو کە ناویان لێنابوو لیکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان . ئەو بە هەموو توانایەوە هەوڵی دەدا ئەو تێئوریە بە سەر زمانە ئێرانییەکاندا بە گشتی و بە سەر زمانی کوردیدا بە تایبەتی بچەسپێنێ . میللیر لە نووسینەکانیدا داوای لە ئێرانناسان دەکرد کە لێکۆڵینەوە لە لێکسیکۆلۆژی لە ڕێگای( لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمانەوە) بێت و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی تر بکۆڵرێتەوە. ئەو تێئوریەی مار کە کورد بە لافیثی دادەنێ بۆ یەکەم جار لە لایەن میللیرەوە لە وتاری زمانی کوردیدا لایەنگیری کرا و تەشەنەی پێدرا لەم وتارەدا نوسیویەتی :

ئەو زمانناسانەی کە زمانە ئێرانییەکان و دیالکتەکانیان دەکۆڵنەوە بە تەواوی گرینگی نادەن بەو پاشماوەی کە لەو زمانانەدا ماون پێش ئەوەی ببن بە ئێرانی. بە تایبەتی هێندێک پاشماوەی فونێتیک و مورفولۆژی کە وا لە زمانی کوردیدا ماون نەک تەنیا وەک هەندێ لە زمان و دیالێکتەکانی زمانە ئێرانیەکان بەڵکوو وەک زمانەکانی قەفقازیشن. میللیر هەمان باوەڕی لە وتاری زمانی کوردیدا کە لە ئینسکلوپدیای گەورەی سۆڤیەتیدا چاپ کراوە دووبارە کردەوە لەم وتارەدا نوسیویەتی خاسییەتی تێکەڵاوی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی یافیتیدا پتر لە فۆنێتیک و مۆرفۆلۆژیدا دەردەکەوێ .


پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
(کوردۆییڤ)
هەندێک بیر و باوەڕی هەڵە
بارەی زمان و مێژووی کوردەوە
وەرگێڕان و پێشەکی
د. ئەورەحمانی حاجی مارف
پێداچوونەوەی
د. کەمال مەزهەر
چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد
بەغدا ١٩٧٣ - ١٩٧٤

لە وتاری دەورەکانی زمانە ئێرانیەکان دا لە مەسەلەی تێکەڵاو بوونی هەندێ لە زمانە ئێرانییەکان دەکۆڵێتەوە و دەڵێ لە دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکاندا وەنەبێ کەم شتی سەرسام هەبێ دەربارەی هەندێ زمان وەک ئەفغانی ، ئەسیتینتی ، کوردی ، دیالکتی پامیر کە فۆنێتیکیان بە هیچ جۆریک لە سەر بناغەی زمانە ئێرانییەکان نییە. بەم بۆنەیەوە میللیر ویستوویەتی بلێ کە وا لە فونێتیکی ئەو زمانە ئێرانیانەی ناوی هێناون تەنها لە سەر بناغەی زمانە یافیتیەکان دەتوانرێ بکۆڵرێتەوە هەروەها لە پاش مار ئەویش لەو باوەڕەدا بوو کە گشت زمانەکانی جیهان بە دەوری پێشکەوتنی یافیتی دا تێپەریون. میللیر زمانناسانی زمانە ئێرانییەکانی بە خەتابار دادەنا چونکە لە لێکۆڵینەوەی هەر زمانێک لە زمانە ئێرانییەکان بە پێی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکان نەدەڕۆیشتن بەڵکوو بە پێی بەرامبەر کردنێکی مێژوویی لە ڕێزمانی زمانە ئێرانییەکان و زمانەکانی تری هیندوئورووپایی دەکۆڵینەوە . ئەو نووسیویەتی : مەسەلەی دەورەکانی پێشکەوتنی زمانە ئێرانییەکان لە سەر بناغەیەکی هیندوئورووپایی بە هیچ جۆرێک لەگەڵ راستیدا رێک ناکەوێ. میللیر لە لێکۆڵینەوەی زماندا دژی بەرامبەر کردنی مێژوویی وەستابوو وەک ئەم ڕێگایە دوور بێ لە زانست و زۆر ساکار بێ . ئەو نووسیویەتی بوونی ئەو مەبەستە لە لیکۆڵینەوەی ئەو جۆرە باسانەدا شتێکی بێسوودە. لە هەموو شوینێک شک دەکەین کە لە سەر مەسەلەی مورفۆلۆژی و

دەربارەی مانا هیچ نووسراوێک هەبێت بەم جۆرە پێویستە خوێنەر بێتە سەر ئەو ئەنجامە کە تەنها لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان توانی هەموو ئەو چەرمە سەرێیانەی کە لە ڕێگای زماناسانی زمانە ئێرانییەکانەوە هەیە ساز بکا. میللیر بە هەموو جۆرێک هەوڵی ئەوەیدەدا کە زمانناسەکان لە سەر بناغەی لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان وتار بنووسن . لە وتاری کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانییەکاندا پشتگیری تیئوری ئەبایێف دەکا دەربارەی تێکەڵاوی و دوسروشتی زمانی ئەسیتێنتیو نرخێکی زۆر بەو باوەڕە چەوتە دەدا لەم بارەیەوە میللیر نووسیویەتی :

بێ گومان ئەو جۆرە نووسینانە نرخێکی زۆریان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان و بۆ نیشاندانی تیکەڵاوی یەکێک لە هەرە زمانە کۆنەکانی ئەمڕۆی زمانە زیندووەکانی ئێران . زمانناسان پێویستە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بێنە سەر ئەو ڕێگایە. میللیر بە تەواوی سنووری لێکۆڵینەوەی لە تێکەڵاوی زمانە ئێرانییەکان نەکێشاوە ئەو نیشانی پێویستیی لێکۆڵینەوەی دەورە جیاوازەکانی زمانە ئێرانییەکان دەدا و دەیەوێ لە لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لەگەڵ چۆنێتی پێشکەوتنی زماندا پێوەندی هەبێ . ئەو لە ناو هەموو زمانە هیندوئورووپاییەکاندالێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییەکانی بە دواکەوتووترین لێکۆڵینەوە دادەنا ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی لە لێکۆڵینەوە لە سەر شێوەی بەرامبەر کردنی مێژوویی لای نەدا. ئەو دەڵێ هەتا لێکۆڵینەوە لە زمانە ئێرانییەکان لە سەر ئەو ڕێگایەی هەردەم لە سەری ڕۆیشتوون (بە زمانێکی هیندو ئورووپایی دانە قەڵەم) لانەدا و نەیەتە سەر ڕێگایەک کە لە سەر بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوە ئەو زانستە بێ بەرهەم دەبێت. سەبارەت بە پاشماوەی یافیتی لە زمانە ئیرانییەکاندا لە وتاری ئامرازی (کۆ) لە زمانە ئێرانییەکاندا نوسیوێتی شکی تێدانییە کە لە ڕێگای زمانە هیندوئورووپاییەکانەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان دەست ناکەوێ تەنها لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان دەتوانین بگەینە ئەنجام و خاو کردنەوەی گەلێک شتی ئاڵۆز.

میللیر نزیکەی لە هەموو وتارەکانیدا هەوڵی ئەوەی داوە کە نیشانی بدا لە زمانە ئێرانییەکاندا لە فۆنێتیک و مۆرفۆلۆژی دا پاشماوەی یافیتی هەیە و بە باوەڕی ئەو نەتەوە ئێرانییەکان تێکەڵاون و لە یافیتی و ئێرانی دروست بوون. لە وتاری (تێکەڵاویی زمانە ئێرانییەکان ) دا نووسیوێتی : لە زمانە ئێرانییەکاندا وەنەبێ کەم پاشماوەی یافتیتی هەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوری کۆنیان . ئەوەی ئەو ناوی دەنێ پاشماوەی یافیتی و لە سەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی نوێ دەربارەی زمان لێیدەکۆڵێتەوە و ئەوەی بۆ نیشاندانی پاشماوەی لافیتی لە زمانە ئێرانییەکاندا وتوویە لە ڕاستیی مێژووەوە دوورە. لێرەدا دەردەکەوێ کە نووسەر ئەو بەڵگانەی مێژوو دەربارەری زمانە ئێرانییەکان نیشانی دەدا سوودی وەرنەگرتووە چووە سوودی لە مێژووی یافیتی و لە بیروباوەڕە چەوتەکەی مار وەرگرتووە و لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە ئەو تێئورییەی کە ن،ی،مار لە لێوی بریولیای وەرگرتووە میللیریش یەکسەر دەیەوێ بە سەر زمانی ئەورۆی فارسی ، تاجیکی ، کوردی و ئەفغانیدا بچەسپێنێ کە ئەمە بە هێچ جۆرێک ناشێت. میللیر دەڵێ هۆی جیا نەکردنەوەی چەند حاڵەتیکی (voice) صیغەلمعلوم و المجهوڵ لە هەندێ لە زمانە ئێرانییەکانی ئەمڕۆداهەیە ئەوەیە کە پاشماوەی یافیتییان هەیە و زمانی کۆنی خۆیان بیر نەماوە بۆ نموونەش ١٠ کردار (فعل)ی هێناوەتەوە .....ئەو نووسیوێتی : لە تێکەڵاوکردنی ئەم (voice) دا پاشماوەی کۆن باش دەردەکەوێ. هەر لە بەر جیانەکردنەوەی چەند حاڵەتێکی (voice) لە زمانە ئێرانییەکانی ئێستادا میللیر دەڵێ پاشماوەی لافیتی لەو زمانانەدا هەیە ئەمە شتێکی ڕاست نییە بە بەڵگەش ناژمێررێت کە زمانە ئێرانییەکان لە زوودا لافیتی بوون و ئێستا تیکەڵاون بەڵکوو ئەوە ئەنجامی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ و پێشکەوتنێکە لەو زمانانەدا کە هێندێک پێشگر و پاشگر لە سەر زمان کەوتوون و ئەمەش لە بەراوەردکردنی ڕێزمانی زمانە ئیرانییەکاندا دەردەکەوێ. میللیر لە نووسینەکانیدا بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕەی ، زۆربەی بەڵگەکانی ئەوەیە کە دەڵێ مار لە بارەی ئەو مەسەلەیە وای نووسیوە بەڵام ئەم بەڵگانە لە جێگای خۆیانین و لە ڕێگایەکی ڕاستی زانستیانەوە نیشان نەدراون و لە بەردەم ڕەخنە دا خۆ ناگرن و دەڕووخێن.

مار لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەوەی بۆی ڕوون نەبۆوە و لێی ئاشکرا نەبوو بە لافیتی لە قەڵەم دا و ئنجا لە پاشان هاتە سەر لێکۆڵینەوەی مانا لە چوار ڕێگاوە ، میللیریش هەر بەو شێوەیە کۆڵیوەتەوە. میللیر بۆ پەیدابوونی تاک و کۆ نووسیوێتی لە زمانە ئێرانییەکاندا هەردەم بە کارهێنانی کۆ بۆ کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە کار دایە کە لە بیری کۆندا دەگونجێ بە تایبەتی ئەم جۆرە بە کارهێنانە لە زمانی کوردیدا دەبینرێ . لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە هەن کە لە یەک کاتدا هەر بەو شێوەیە بۆ کۆش و بۆ تاکیش بە کار دەهێنرێن وەک : زار ، کوڕ ، پەز ، خانی، حەیوان ....

گەر بیری کورد قووڵ نییە وکۆنە ، گەر کورد ناتوانن جیاوازی لە نێو تاک و کۆدا بکەن ئەی بۆچی میللیر ئەو نموونانەی هێناویەتەوە تەنیا بۆ کۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی ئەی بۆچ هەروەها بۆ تاک وەری نەگێڕاوە. لە وتاری (هەندێ چەڵەمەی فۆنێتیکیی زمانی کوردی ) دا میللیر دەیەوێ نیشانی بدا کە فۆنێتیکی زمانی کوردی وەک فۆنێتیکی زمانە یافیتییەکانە ئەو وادەداتە قەڵەم کە هەندێ دەنگ لە زوودا ناقۆڵا بوون بەڵام کە بە دەورەی یافیتی دا تێپەڕین چاک بوون یا وەک ئەو دەڵێ فراوان بوون . ئەو نووسیوێتی گەر لە دەنگی (ع) و (غ) ی عەرەبیدا وێکچوونێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانە سامیەکاندا هەبێت ئەوە پێوەندییەکی پتر لە سێ دەنگی گرینگدا لە نێوان زمانی کوردی و زمانە یافیتیەکاندا هەیە. دەربارەی چۆنییەتی تەلەفوز کردنی ع و غ لە زمانی کوردیدا نووسیوێتی : لە رووی تەلەفوزەوە ئەو دوو دەنگە خاوەنی خاسییەتی تایبەتی خۆیانن کە زۆر دوورن لە زمانە هیندوئورووپاییەکان . بە گوێرەی باسەکانی میللیر وادەردەکەوێ کە کورد لە کۆندا یافیتی بوون و لە پاشا بوون بە یەکێک لە زمانە ئێرانییەکان و فۆنێتیکی هەندێ گۆڕرا. لە فۆنێتیکدا تا رادەیەک شێوەی کۆنی تێدا ماوە هەروەها بە باسەکانیدا وادەردەکەوێ کە فۆنێتیک گرینگتربێ لە درووستبوونی ڕێزمان و تێگرایی وشەکانی زمان .

بابڵێین ئەو ئەنجامە ناڕاستانەی نووسەر راستن کە دەڵێ کورد بە رەگەز یافیتییە و دوایی زمانی ئێرانییان وەرگرتووە و لە بەر ئەوەی بە درێژایی مێژوو تێکەڵاوییان دەگەڵ میللەتانی قەفقازدا هەبوو هەندێ شێوەی فۆنێتیکی یافیتی مایەوە . گەر ئەمە راست بێ ئەی زمانی ئەفغانی و پامیر دەبێ چۆن بێ کە فۆنێتیکیان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ فۆنێتیکی زمانەکانی هیند و ئورووپاییدا ؟ زۆر هەڵەیە کە خەیاڵی وەها بکرێ بە تایبەتی بۆ زمانی ئەفغانی و پامیر کە ئەم میللەتانە نە بە مێژوو نە بە سنوور نە بە تێکەڵاوی هیچ پێوەندێکیان لەگەڵ میللەتانی قەفقازدا نەبووە ئەی وڵام چییە بۆ ئەوەی کە فۆنێتیکی ئەم نەتەوە ئێرانییانە لەگەڵ فۆنێتیکی زمانی کوردیدا زۆر وێکدەچێ لەگەڵ ئەوەی لە تەنیشت ئەو نەتەوانەوە لافیتی نەژیاون و ناژین تا بتوانن تەئسیر بکەنە سەر فۆنێتیکیان ئەی بۆچی نەتوانین بە پێچەوانەوە بڵێین کە دەنگەکانی زمانی کوردی و ئەفغانی و پامیر لە ناوخۆیاندا پەیدا بوون و لەگەڵ یافیتیدا هیچ پەیوەندییان نییە ئەگەر لە نێوان ئەم زمانانەدا کە لە یەک گرووپن جیاوازی و وێکچوون لە فۆنێتیک و درووستبوونی رێزمان و وشەکانیاندا هەبێ ئەوە بۆ روونکردنەوەی ئەو وێکچوون و جیاوازیە پێویستە لە سەرمان لە ناو ئەوزمانانە (لەناوخۆیاندا) بگەرێین بۆ دۆزینەوەیان نەک لە ناو زمانی گرووپێکی دیکەدا. بەم جۆرە لێکۆڵینەوەکەی میللیر کە لە زمانانی کوردی و ئەفغانی و پامیردا بۆ خاسییەتی فۆنێتیکی یافیتی دەگەڕێ لە جێگای خۆیدا نییە و لاوازە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەشە دیالکتەکان و دیالێکتەکانی کوردی بۆ میللیر روون نییە . لە وتاری( زمانی کوردی ) دا بۆ بەشە دیالکتەکانی خواروی رۆژهەڵاتی ناوچەکانی زەنگەنە و کەڵهوڕ و کرماشان وسنە کە لە زمانەوانیدا لە ژێر ناوی کورددا ئاشکرا و ناسراون کەچی ئەو وەک گرووپێکی تایبەتی جیایان دەکاتەوە و ناویان دەنێ دیالکتەکانی( کوردی- فارسی ) باوەڕێکی وەها دروست دەکا کە گوایا جیاکردنەوەی ئەو دوو زمانە گرانە . ناونانی ئەم بەشە دیالکتانەی کوردی بەم شێوەیە ناشارەزایی میللیر نیشان دەدا لە جیاکردنەوەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا . ئەم نەشارەزاییەی میللیر لە وتاری ئامڕازی کۆ (ئان) لە زمانە ئێرانێکاندا دەردەکەوێ . لەم وتارەدا بەشە دیالێکتە کوردییەکانی ناوچەکانی موکری ، سلێمانی ، جەزیرە و زاخۆ و بادینانی ناو ناوە دیالێکتەکان . ئەو نووسیوێتی لە زۆربەی دیالێکتەکانی کوردی (موکری ، سلێمانی ، جەزیرە ، زاخۆ ، بادینان و لە زمانی کوردانی سۆڤییەتدا ) ئامڕازی (ئان) زۆر بە کار دەهێندرێ کەچی هەر لە لاپەڕەی ئەم دیوی ئەم وتارەدا و هەروەها لە وتاری ( تێکەڵاویی زمانە ئێرانییەکاندا) ناوی ناوە بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی . لە وتاری (هەندێ چەڵەمەی زمانی کوردی ) داسلێمانی ناوناوە بەشە دیالێکتیکی سەربەخۆی زمانی کوردی یا خود بەشە دیالێکتێکی گرووپی خوارووی زمانی کوردی. لە وتاری (کارەکانی زانایانی رووس دەربارەی زمانە ئێرانییەکان) دا دەڵێ سلێمانی بەشێکە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو. زۆر جار لە ناوی ئەو هەرێمانەی کە کوردی تێدایە و لە ناوی جیاوازی ئەو خێڵە کوردانەی کە بە یەک دیالێکت و بە یەک بەشە دیالێکت دەدوێن ناو دەنێ دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاواز بۆ نموونە بەشە دیالێکتی ناوچەکانی دیاربەکر و بادینان ناو دەنێ دیالێکتەکانی بادینان و دیاربەکر بەشە دیالێکتی ئەم خێڵانە بروکی ، شەرکی ، جەلالی کە خاوەنی یەک بەشە دیالێکتن ئەو بەسەر چەند بەشە دیالێکت دا دابەشیان دەکا و ناویان دەنێ بەشە دیالێکتەکانی موش ، بروکی ، شەرکی، جەلالی. ئەم ناتەواویانە ئەوە نیشان دەدەن کە میللیر لە جیاکردنەوەی دیالیکت و بەشە دیالێکتدا شارەزاییەکی تەواوی نەبووە لەبەر ئەو هۆیەیە کە زۆرجار بە دیالێکت دەڵێ بەشە دیالێکت و بە بەشە دیالێکت دەڵێ دیالێکت. هەندێ جار یەک دیالێکتی کوردی بە سەر چەند بەشە دیالێکتدا دابەشدەکا و دوایی هەر ئەو دیالێکتە بە سەر چەند بەشە دیالێکتدا دابەش دەکات . جگە لەوە زۆرجار دیالێکتێک یا بەشە دیالێکتێک کە هەر یەکێکن بە سەر دیالێکت و بەشە دیالێکتی جیاوازدادابەشدەکا و ناوی ناوچەیان لێدەنێ. لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە یەک دیالێکت دەدوێن جگە لەوە دەبینین لە چۆنێتی دروست بوونی زمانی کوردیدا میللیر بە بەراوەردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ ئەو زمانە ئێرانییانەی کە لە یەک خێزانی زمانن گرنگی نەداوە نە لە بارەی وشەکانی زمانەوە بە گشتی نە لە فۆنێتیک هیچ بەراوەردێکی نەکردووە. بۆ ئاشکراکردنی بیروباوەڕە چەوتەکانی میللیر لە لێکۆلینەوەی زمانی کوردیدا ئەو نموونانەی سەرەوە بەسە پێویستە ئەوەش لە بیر نەکەین کە هەموو ئەو باسانەی سەرەوەی میللیر لە سەرلێکۆڵینەوەی ۲۰۰ وشە و ۲۰ رستەیەکی پچڕپچڕ بوو کە لە هەندێ فەرهەنگ و کتێبی رێزمان وەریگرتووە.

بەم چەشنە میللیر دەیویست بە هەموو جۆرێک تێئوریەکەی مار بچەسپێنێ و بێ بەڵگە زمانی کوردی بە زمانێکی تێکەڵاو لە یافیتی وئێرانی دابنێ. لە لێکدانەوەی باسەکانی میللیردا دەرکەوت چۆن ئەو دەیویست نیشانی بدا کە لە زمانە ئێرانییەکاندا پاشماوەی یافیتی هەیە و کە زمانە ئێرانییەکان تێکەڵاون. ئەم نیشاندانەی ئەو لە رێگای تیئوریە دوور لە زانستییە دژی مێژووییەکەی مارەوە بوو. لە ساڵی ۱۹۵۳ دا میللیر کتێبیکی نووسی بە ناوی (زمانی تالیشی ) بە داخەوە نووسەر نەک بە پێویستی نەزانیوە لەو کتێبەیدا پێ لە هەڵەکانی پێشووی بنێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە دووبارەی کردوونەوە چووە رەگەزی تالیشی بە یافیتی داناوە و دوایی بەرەو ئێرانیی بردووە. لە مانگی شوباتی ساڵی ۱۹۲۵ دا لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە نێوان بەشی ئێرانی_ قەفقازیی ئامۆژگای زمانەوانی و بەشی ئێرانیی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسیدا کرا بۆ لیکۆڵینەوە لە دانانی فەرهەنگیکی کوردی _ رووسیدا (دیالێکتی کرمانجی ژووروو ) ئەو لەبەر رۆشنایی نووسراوەکانی مار و ڤیلچێفسکیدا وتی: نەک هەر پێویست نییە فەرهەنگێکی کرمانجیی ژووروو دابنرێ بەڵکوو ئەو کارە ناتوانرێ بە جێ بهێنرێ ئەویش لەبەر ئەوەی کورد دابەشکراون ، خاوەنی یەکجۆر نووسین نین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا جیاوازیان هەیە .بەڵام دەبێ ئەوە لە بیرنەکەین کە گرینگی زمان لە چونێتی رێزمان و وشەکانی زمان دایە بە گشتی ئێتر سنوورێکی دەستکرد نابێ بە تەگەرە و نابێ بە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە زماندا و لە نووسین و لە وەرگرتنی وشەی بێگانەدا . نەبوونی یەک جۆر نووسین ویەک سەرچاوە بۆ وەرگرتنی وشەی بێگانە لە زمانی کوردی (کرمانجی ژووروو) دا لە سوریا و تورکیە و ئێران و عێراق و یەکیەتی سۆڤیەت ناتوانن ببن بە هۆ و تەگەرە لە رێگای دانانی فەرهەنگی کوردی /

رووسیدا . خۆ نووسین و وشەی بێگانە زمان ناگۆڕن و ڕێزمان و وشەكانی زمان تێكنادەن . وەنەبێ دەوڵەمەندیی زمانی كوردی بە هۆی وشەی بیگانەوە بێت بەڵكوو بە هۆی دروست بوونی ناوخۆی خۆیەتی كە سنووری دەستكرد پەیوەندی نییە . میللیر گرینگی نادات بە شتی سەرەكی وەك ڕێزمان و وشەكانی زمان بە گشتی و چۆنێتی ناوخۆی وشەكان بەڵكوو گرینگیی بە هەندێ شتی دوور و لابەلاداوە وەك وشەی بێگانە و تێكەڵاوی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسەدا باش ئاشكرایە كە كوردناسان چی پێویستە بكەن و چ ڕێگایەك بگرن كوردناسانی سۆڤیەت دەربارەی زمانەوانی چ لە تێئوری و چ لە پراكتیك دەتوانن گەلێك كاری ئاڵۆز خاو بكەنەوە بەڵام بەر لە هەموو شتێك لە سەر شانمانە ئەو تێئورییە چەوتە دوور لە زانستانە ی دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەتنوگرافیای كورد هەن بە درۆ بخەینەوە و لە ناویان بەرین . دووركەوتنەوە لە بیروباوەڕی ناراستی مار و لایەنگرانی ڕێگا تەخت دەكابۆ كوردناسانی سۆڤیەت هەتا بتوانن بە ڕێگایەكی سەربەخۆی پێشكەوتوودا بڕۆن و شوێنێكی بەرز لە كاری زمانەوانیی سۆڤیەت و زانستی ڕۆژهەڵاتناسیدا وەربگرن. لە سەر كوردناسانی سۆڤیەت پێویستە گرنگی بدەن بە :

١، لێكۆڵینەوە لە مێژووی پێشكەوتنی زمانی كوردی .

٢، لێكۆڵینەوە لە مێژووی پێشكەوتن و دروستبوونی نەتەوەی كورد .

بۆ بە جێهێنانی ئەو پێویستیانە دەبێ گرنگی بدرێ بەو یاسایانەی لە ناو زمانی كوردیدا هەن دەبێ لێكۆڵینەوە لە زمانی كوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنێتیك و مورفۆلۆژی و وشە بە گشتی وسینتەكسیسدا بێ چونكە یاسای ناوخۆی زمان لەم بەشانەدا كە پێكەوە بەستراون دەردەكەوێ . بەم بۆنەیەوە یەكەم پێویستیی سەرشانی كوردناسانی سۆڤیەت ئەوەیە لێكۆڵینەوە لە ڕێزمان ، لە وشەكانی زمانی كوردی نووسینی گەلێك كتێبی تێئوری و پراكتیكی زمان . هەندێ پێویستی ترهەیە كە پێوەندییەكی زۆریان هەیە لەگەڵ ئەو پێویستییانەی لە سەرەوە باسمان كردن لە لیكۆڵینەوەی زمانی كوردیدا ئەوش لێكۆڵینەوەیە لە ئەدەبی كوردی كە مێژووی نزیك هەزارساڵ دەبێت . لە سەدەی ١١ تا ١٨ لە ئەدەبی كوردیدا گەلێك شاعیر و نووسەر هەن كە بەرهەمەكانیان نە تەنها بۆ لێكۆڵینەوە لە مێژووی كۆلتوری میللەتی كورد بە نرخن بەڵكوو هەروەها بۆ لێكۆڵینەوەی مێژووی پێشكەوتنی زمانی كوردی بایەخ و نرخی تایبەتییان هەیە. بەم بۆنەیەوە پێویستە لە سامانی دەوڵەمەندی فولكلۆری كوردی بكۆڵرێتەوە كە كەرەسەیەكی گرینگە بۆ لێكۆڵینەوە لە مێژووی پێشكەوتنی زمانی كوردی . مەسەلەی لێكۆڵینەوە لە زمانی گفتوگۆ و لە زمانی ئەدەبی یەكگرتوو زۆر پێكەوە بەستراون ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە ڕێگا خۆشدەكەن بۆ دروستبوونی زمانی ئەدەبی كوردی هەروەها لە سەرشانی كوردناسانە كە گەلێك لێكۆڵینەوەی گرنگ و پێویست پێشكەش بكەن وەك لیكۆڵینەوە لە ڕێزمانی كوردی و بەراوەردكردنی هەردوو دیالكتی كرمانجی ژووروو و كرمانجی خواروو . بۆ هێنانەدی ئەم پێویستییانە كوردناسانی سۆڤیەت لە ڕێگای ڕەخنەوە سوود لە كەرەسەی دەوڵەمەندی كوردناسە بوورجواییەكان وەردەگرن. ڕوونكردنەوەی مێژووی پێشكەوتنی دیالكتەكانی كوردی ، لێكۆڵینەوە لە جیاوازی و وێكچوونیان لە فۆنێتیك و ڕێزمان و وشە .... پێویستییەكی گرنگی سەرشانی كوردناسانی سۆڤیەتە. بە جێ هێنانی ئەو پێویستیانە شتێكی زۆر گرنگە بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی ئەو نائاشكراییەی لە مەسەلەی دیالكتەكانی كوردیدا هەیە ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە نەك تەنیا یارمەتی دەدەن بۆ ڕوونكردنەوەی جیاوازی و وێكچوونی دیالكتەكانی كوردی بەڵكوو یارمەتی ڕوونكردنەوەی یاسای ناوخۆی چۆنێتی پێشكەوتنی زمانی كوردیش دەدەن بە گشتی هەروەها یاریدەدەرن بۆ گەیشتنە ئەنجام دەربارەی چۆنێتی مێژووی دروستبوونی زمانی نەتەوایەتی كورد . ئاشكرایە كە لە كاتێكدا دەتوانین لە زمان و یاسای پێشكەوتنی تێبگەین گەر لێكۆڵینەوەكە لە ڕێگای پەیوەندییەكی هەمیشەییەوە بێت لەگەڵ مێژووی كۆمەڵدا لەگەڵ مێژووی گەلدا كە ئەو كۆمەڵ و گەلە خاوەن و دروستكەر و هەڵگری ئەو زمانەن كە لێی دەكۆڵرێتەوە .

تەوزیحات :

(fonetic) فۆنێتیك : لێكۆڵینەوە لەو دەنگانەی وشەكانی زمانێك دروست دەكەن هەر زمانێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە لەوانەیە لە زمانی ئێمەدا هێندێك دەنگ هەبێ كە لە زمانی ئینگلیسیدا كەڵكی لێ وەرناگرن و بە پێچەوانەش ئێمە لە هەموو دەنگەكانی زمانی ئینگلیسی كەڵك وەرناگرین.

(morfhology) مۆرفۆلۆژی : وشە ناسی ، مەبەست لێكۆڵینەوە لە ئاڵوگۆڕەكانی هاوزەمان و بە بەرنامەی وشەیە لە شكڵ و ناوەرۆكدا.

(syntax) سینتكس : نەحو ، دەستووری زمان باسی چۆنێتی نووسین و جێ و شوێنی وشە و عیبارەت لە ڕستەدا دەكا بە شێوەی دروست .